Kurdish Folkloric Lyrics Corpus
A collection of oral narratives and songs of generations...

Title: بەیتی موحەمەدی حەنیفە

Performer: unassigned

Category: Beyt

Dialect: Sorani

Audio:

Text:

خالق هەر ئە تو هەوی

تو بڵندان دەکەی نەوی

مردن هەورازی قەوی

کەسی لێ وەسەر ناکەوی

کەسی لیێ ناکەویتە سەر

دنیا بۆ کەس نییە هەتا سەر

ئەتوی ڕوحبەر و ڕوحدەر

بەیتێکم هاتە سەر زار

یا سەعید و یا غوفار

یا کەریمی کەرەمدار

قەتم نەکوتوە چجار

بۆم ڕەوان پکەی ئەو جار

بۆم ڕەوان پکەی سوبحان

من دەبڵێم بە ڕوح و جان

ئی زەمانی ئەسحابان

وەختی سەیدی ئاخری زەمان

ڕەئیس بوو بۆ ئەملییایان

زەمانە وەها هەڵ برد

خوداوەندی میری مەزن کارێکی وای کرد

دەجەیلی و فوزەیلی لەشکرێکی گەورە و گرانیان دەکرد

بە ئەجەلە و دەستووبرد

لە عەرزەڕۆمێ هەڵ برد

ڕووی لە مەملەکەتەکەی مەککە و مەدینان دەکرد

سویند بە سەننەمی گەوران

موسوڵما نبینە بەوران

پچنە بن پەڕڕەی هەوران

سەریان دێنین بە تەوران

لە قالبیان دەستێنین گیان

نابێ بمێنن موسوڵمان

دنیامان بۆ دەبێ ڕەوان

موسوڵمان کاریکی وایان کردووە

دنیایان خراپ کردووە

هەچ جێیە ڕوویان تێ کردووە

سەر وەک تەرزە کەوتووە

بێ ڕەفیق و بێ ئامباش

کەلاک دەخەن وەک قەل و داڵاش

لشکریان ساز کرد خاشخاش

ئەگەر لە ئەرزەڕۆمێ هەڵ برد

ڕوویان لە مەککە و مەدینان کرد

هەوەڵ مالیکی هەژدەر

قەرەوڵ بووە بە جەوهەر

زانی لەشکریان هاتە سەر

هەموی کافری بەد حونەر

بە نیزام و بە عەسکەر

بە گورز و شێر و خەنجەر

لە خۆیان داوە جەوهەر

بە تانوت و بە حونەر

ئەوە موسوڵمان لشکریان هاتە سەرئ.

ئەو محەممەدی ساحێب جەماڵ

بە بێ فکر و بێ خەیاڵ

دانیشتبوو خۆش ئەحواڵ

دەگریان ماڵ و منداڵ

خالق هەر ئەتۆی لە سەر

دنیات دانا سەرانسەر

کێوت لێکردنە لەنگەر

هاتن کافری بیحونەر

ئەسحابەی ساحێب جەوهەر

گورز و گۆپاڵ و خەنجەر

لە مەدینەی کەوتنە دەر

لەشکر کران بەرامبەر

لشکر ئەو بەر ئەو بەرە

ئەسحابە پەڕ بە سەرە

پرسیاریان کرد لە وانە

لە سەر چتانە ئەو گەڕانە

بۆ ئیره خاکی خۆتانه

یان بێزارن له جانه؟

ئیعلانی‌شدیان‌دا.

که ڕۆژ له بورجی منەووەر دەهاته دوره

پاڵەوانێک له خۆی قایم دەکرد

گورز و کەمەند و شیر وخەنجەره

مەردێکی یەکجار ساحێب حونەره.

ئەگەر دادەنیشن له مەجلیسی دە رەنگینه

زۆر درێژه مەکەنەوه له قسه و له بوختانی کەس نەدینه

به عام سڵاوات بدەنەوه له دیداری محەممەدی‌مەدینه.

ئەگەر دادەنیشن له مەجلیس و دیوەخانه

زۆر درێژه مەکەنەوه له قسه و له بوختانه

به عام سڵاوات بدەنەوه له دیداری پێغەمبەری ئاخری‌زمانه.

له گەڵ ئێیوەمه ئەهلی ماجەرایه

کەسێکی ئەگەر جان‌فیدایه

شێره و مەرده و له شەڕێ هەڵنایه

بزانن‌ئەوه موقەددەری خوڵایه

کافران لەشکریان دوایی نایه

ئێمه کەمێک تەڵخ ئەحواڵین

ئەوان دەڵین ساحێبی گەنج و ماڵین

به فەرمانی بێ‌مەکان

ساز بوون لەشکری ئەسحابان

خێوەتیان له پێش هەڵدان

وەکوو شێری گەرمەلان

!چۆن دەبوو سویحان سوبحان

گرتیان دەرگاهی ڕەحمان

تۆز گرتی بەری عاسمان

بەرامبەریان ڕاوەستان

قەت زەرڕێک نەدەترسان

لە بۆ ڕۆژی دل هێشان

بۆ قرەقڕ و شیر لێکدان

.ڕاوەستان بۆ فکر و سان

پاڵەوانێک لە کافران هاتە مەیدانێ، ئەو پاڵەوانە

بەیتی محمەدی حەنیفە

هەر ڕوژەی سێ ئەسحابەی نەبی دەبڕیەوە سەرە

ئەسحابە پێیان نەدەبردەوە زەفەرە

یەگجار ڕەشید و بە حو نەرە

رووپۆشی نیقابیکی گەوهەرە

هەتا نۆرە دەکەوەوە وەختی شێرعەلی هەیدەرە

بە ئیجازە ئەو لە خیوەتێ دەهاتە دەرە

بوو بە قیامەت، لەشکر ڕاوەستان ئەو بەر ئەو بەرە

.مەیدان مەیدانی هەیدەرە

سبحەینێ هەتا ئیوارێ

خوێن وەکوو باران دەبارێ

.شەڕ و کێشە و قەڕقەش و بنارێ

هەر تک لایان قووەت دارن

هەرتک وەک شێر ئینتیزارن

. ساحێبی جەوهەردارن

سوبحانەڵڵا چۆن قەوماوە!

هەرتک لەشکر مەحتەل ماوە

هەتا حەوت ڕۆژ ئەو دوو لاوە

کەشیان لە یەکتری داوە.

سبحەینێەک وەختی تاو هەڵاتە

کەوتنە مەیدان و قاش قاش و هەڵاتە

ئەو ڕۆ کە ڕۆژی خەباتە

هەرتک بە حونەر و ساحێب زاتە.

چون زەمانی پێغەمبەرەا

دەپاڕاوە، دەیگوت:

خودایە هەڵبەت تۆ موقەددەرت لە سەرە

دەنا عەلی بەجەوهەرە

بۆ هیچ پێی نابا زەفەرە

ئەو کەوتنە شان کێشانە

شەڕە و گەردن بادانە

دەپسێن ئاڵقەی زرێیانە

بە عومری عومردار و عومر بەرە

تۆفیقی خستە دەستی ئیمامی هەیدەرە

لە عەرزی دا، خستی،

جووتیک زەردە مەمی کەوتەدەرە.

کوتی: مەرد بەو مەمکوژە و ئەمن بەرە

دەبمە غوڵامی ئەو پێغەمبەرە

ئەتو بم کە دەست نەزەرە

بم گرە، بلی: دەست بەسەرە.

ئەوە دایکی محەممەد حەنیفەیەیە.

ئەگە هینایان سەلامی کرد و تەعزیمی کرد؟

پێغەمبەر] کوتی : کیژی چاو بەنگییە]

ئەتۆ عەسلت فوزەبلییە

پاڵەوانی وەک تۆ نییە

پێم بڵێ ئەتۆ نێوت چییە؟

کوتی: نێوم ئەستییە

ئەی ئەستی سەر بە دوژوارە

کەلیمەی شەهادەتت بێتەوە لە زارە

تا لە ئەسحابەیەکت پکەمەوە مارە

خودا پێکی هێنای کار و بارە

لاچو لە سەر دینی کوفارە.

ڕا وەستا بە تەڕدەستییە

جا بزانین ئەوە جوابی چییە؟

دەیگوت: ئەی نەبیە، تۆم نەبییە

چەندی ئەسحابەی هەن لە عەرزییە

هێندەش بێن، بلین : ئەوە هەموەی عاسمانیە

هیچ ئەسحابەم قەبووڵ نییە

هیچی لە قابیلی مندا نییە

لە ڕۆژی مەیداندارییە

من شێرم ئەوان ڕیوییە

بۆ عەلی بوم بێ بەرییە

حاشا لە دای و بابییە

لە مڵک و شاە و تەختییە

.له عەلی زیاتر کەسم قەبووڵ نییە

جافەرموی: ئەستێ سەر بە دوژوارە

کەلیمەی شەهادەتت بێ لە زارە

.هەتا لە عەلیت پکەمەوە مارە

کوتی ئەو ئەستی دە زەریفە

.نێویان لێ گۆڕی، نێویان نا حەنیفە

لەو ئەستی دەدەم دوڕە

ساڵە وەختی تێ وەر نە گەڕا

.خودا بەوی دەداوە کوڕە

لەو ئەستی دە زەریفە

خوڵا دەیدایە کوڕێکی بێ ناقیس ولەتیفە

نێویان دەنا محەممەد و

.بە دایکی هەڵیان دەدا ابینو حەنیفە

ئەگەر ئەوە گیرا، کافران شکان

گەڕانەوە بۆ قەیسەری ڕۆمێ

حەزرەتی عەلی حەزرەتی فاتمەشی ژن بو. ئەو محەممەدە سێ ساڵ لە حەزرەتی حەسەن و پێنج ساڵ لە حەزرەتی حوسێن .گەورەتر بوو

چون خودا دنیای وا دانا

لە زەمانی حەزرەتی تا دەکەوێتە ئەو زەمانە

محەممەدیان ناردە دەفتەرخانە

.دایکی بەدڵ موسوڵمانە

محەممەد زرینگ و خۆش ئەحواڵ بوو

وەکو شمقاری خاڵخاڵ بوو

بە وە پێک نایە مندال بوو

.به سەر مامۆستای دا زاڵ بوو

خوێندی خوێندنی تەواوە

بەعومری خودای و ڕزقاوە

کوڕێکی زۆر ساحێب ناوە

بەعومری خودای دروستی کرد

بلین ساحێب ناوە

.بۆ رۆژێک ئەگەر بڵێن لێیَ قەوماوە

پادشایە هەر تۆ رەحمانی

عومری لە چاردە ساڵانی

لەمەککە و مەدینان بوو بە نان گرانی

چونکە موقەددەر خودا وای داوە

نان و ئاویان کەم ماوە

بەیتولماڵە بەتاڵ کراوە

.کارێکی خراپ ڕوی داوە

،ئەوە حەزرەتی عەلی هاتەوە

سێ میوانی دەگەڵ بوون

.چون ئەوان هێندە مەستی خوڵایی بوون نەیان دەپرسی چمان هەیە و چمان نییە

میوان برسی بوون

خەڵکی تاییفێ بوون، ماندوو بوون

فەرمووی: نانی بێنن بۆ میوانان

مەحرەماتە پێیان گوت: ئاخر نییە

،جا کوتی: ئەگەر نەبێ ئەمن خەجاڵەتی میوان دەبم

؟جاچون میوانم دەگەڵ بێت و هیچمان نییە

غوڵامێکیان بوو نێوی تەتەر بو

کوتیان: ناردومانەتە بەیتەلماڵ

لە وێ بۆ کەس نەماوە هەتا بۆ ئیمە

،محەممەد حەنیفەی دەستە و نەزەری ڕاوەستا بوو

بزانێ چ عومرێکی هەیە بیکا

ئیمام بوو شێری جەببار

لە گەڵ کوڕی گرت بنار

میوانم دێتن هەزار

نەبێ نە نان نە ئاردی

یکەومە سەر قسەی ساردی

میوان بڕوا بێ دەرخوارد

پکەومە سەر قسەی دە سارد

میوان خێر و بەرەکەت

لە بۆ دنیا و قبامەت

لە بۆ دونیایە سفەت

لە بۆ قیامەتێ جەننەت

نانداران کاری خۆ کرد

گۆیان لە مەیدان دەر کرد

روحیان لە دۆزەق هەڵبرد

رویان لە جەننەتێ کرد

.بێ نانان بێ ئیمان مرد

چون دەبێ تو ئەوە بزانی

تا عومرت ببێ فانی

بێ خۆراک و بێ نانی

ئەمن تەڵخە ئەحوالم

موواخیزەی ماڵ و منداڵم

ئەمن بە وەم نەزانی

بێ خۆراکی و بێ نانی

لە کنە خۆی تۆ نۆجوانی

ساحێب گورزی گرانی

ئەتو خوارزای کافرانی

چاکم بدەیە مەیلە

خاڵی ئەتو فوزەیلە

مەملەکەتی دو جەیلە

سویندم خوارد بە بێنەزیر

دەبێ پچی و نەبی گیر

کافران بگری بەیەخسیر

دەغڵ پەیداکەی بەشیر

کافران پکەی دڵ مەلول

ئەگەر پچیە ئەستەمبول

بە حوکمی گورزو بە شأن

بە فەرمانی شای ڕەحمان

لە پیش دا پچو نێو خاڵان

بە حوکمی شیری دەببان

دەبێ پەیدا کەی دەغڵ و نان

من ڕوو زەردم لە میوان

ساز بە، زوو بە مەبە گیر

هیچ مەکە بەهانە و تەقسیر

ڕەفیقی بێ موبەشیر

چوونە نوێژی، لە مزگەوت بوون هەتا کەوتنەشەوی. کوتیان: نەهاری نەداوینێ پچینەوە شتێکی زۆر چاکمان دەداتی. ئەگە هاتنەوە، دەشیزانی هیچیان نییە، بەحەزرەتی فاتمەی کوت: نانی بینە. پیاڵیکی خۆی دانا، ئاوی تێ کرد، کوتی:

بیسمیللاهە ڕڕەحمانە ڕڕەحیم

بە قووومەتی حەق کارسازی قەدیم

ئیلاهی ئەگەر ئەتۆ چدەکەی

لە میوان و ئیمامم خەجاڵەت نەکەی.

ئەگەر هێنای ئاوەکەی دانا، شەمێکیان هەڵ کردبو ، ئیمامی عەلی کوتی : شەمەکە بکوژێنەوە. تەمەننای کرد، کو تی: ئیلاهی خەجاڵەتم نەکەی. کوتی : چراکەمان کوژاوە، بیسمیللا قەیدێ ناکا. بە عومری خودای خوانیکی بەحەشتی هاتە سەری قەت قەتیان نەخووارد بوو. ئاوەکە بوو بەو تەعامە. نیعمەت بە زیادیان کرد. کوتی : چراکە هەڵ مەکەوە بۆ خۆشتان نانی پخون. ئەوێ شەوێ ڕەفتاریان بەوە کرد.

جا ئەوە محەممەد دەچوە نێوچەکان

فووی دەکرد لەیەک یەکان

سابلە تۆزی دەتەکاند

لە بۆ خەزای کوپەکان

دوازدە دوو زەرگی نادر

سەر پۆڵای قەرە تەمر

یەک لە یەک بە قیمەتتر

زەنگ دەسووتێن وەک ئاگر

یەکیان لە یەکیان چاتر

نەی کرد ئەندێش و فکر

دوازدە دوزەرگی دوشوار

سەر پاک پۆڵان و نووکدار

ئاو دراون بە زەهری مار

پاک غەدەنگن وەک ڕەشمار

لە بۆ خەزایە کوففار

دوازدە دوو زەرگی نادر

هەڵ گیران ئەتو بگر

زرێ و قەلغان و خەنجەر

زدەو قاغان وخنجر

تیر داندران ئەو بەر ئەو بەر

وا لە خوی دەدا حونەر

دوازدە بو تیخی دەبیان

جەو هەریان لێ دەرژان

وەکو شیری گەرمەلان

جەوهەردەتکێ لە چاوان

لە بۆ خەزای کافران.

مەتحی چەکان خلاسە

بەغیرەت و ممتاسە

لە سەر ئەو دەنگ و باسە.

زرێ و قەلغان و مەتاڵ

دوازدە خەنجەری دەم لاڵ

حازر بوو گورز و گۆپاڵ

دڵ دەستی کردن بەناڵ

بۆ خەزایە دین بەتاڵ.

مەیتەر عەبدوڕڕەحمانە

بڕوا بۆ مەیتەرخانە

قابیلی من لەوانە

جیهان پەیما سوڵتانە

بۆ ڕۆژی لێ قەومانە.

جیهان پەیما بوو سم خڕ

گوێ مەقەست و مەنزل بڕ

نرکەی دێ وەکوو کوڕکوڕ

لە بۆ خەزای گاور قڕ

جیهان پەیما بەحرییە

قەترێک نێوچاوانی سپییە

کەس وڵاغی وای نییە

عەسڵە شێر خەزاڵیە

هاتە دەر لە مەیتەر خانە

کلک بەیداغی شاهانە

گەردن ماری کویستانە

چاو وەک زیرەی کرمانە

زین و سەقاو بێتە خوار

پاک ئاوریشم و سەدەفکار

کەس نەیدیوە مەگەر ئەو جار

با ساز پکەن دەسکە و سار

لغاو ەڵای دەستە و شار

ساز بێ ئەڵڵای ببێ یار

لە بۆ خەزایە کوففار

سێ سەت وشتر بە قەتار

ئەو سێ سەتە پکەی بار

فەرەغەنیمان بێ ئەو جار

کەمەندی شانە و شانت

دەچییە ماڵی خاڵانت

شیر و خەنجەر و ساتور

یان بە خوا ویست یان بە زۆر

یان بە خوا ویست، تەکلیفدار

یان بە دووزەرگی دوژوار

دنیایان لێ پکە بە زەهری مار

قابیلەتیان نییە کوففار

من پێت بڵێم نسیحەتکار

چونکە جەبعەی ئیمەیە

لە موسوڵمانەتی دا هەیە

ئەمن جەرگم لەت لەتە

موسوڵمان بە قیمەتە

دەبێ دڵت نەسرەوێ

بە ڕۆژ هەتاکوو شەوێ

سێ سەت بارم لێت دەوێ

ئەوساز بوو. ئەوە دایکی هاتە دەری،

کوتی: لە ڕکێف سوار بە وەکوو مەرد

قەت نەخەجڵێی شێری زەرد

لە گەڵ بابتم کردوە شەرت

مەردبی، نەبی بە نامەرد

کافرم بۆ بکەی کەرت و پەرت

خودا بتداتن ئیقبال

بی گێرنەوە تا سەتساڵ

کافر پخە گاڵەگال

نێوبانگت بروا عەبداڵ

ئەگەر بۆ خۆت بزانی

له من و عەلی مەردانی

شیرێکی بێ وچانی

دەچیە ماڵە خاڵاني

بڵی: ئەگە هاتوم ئەی یارم

ئەمنیش لەنگۆ بەژردارم

پیاوێکی زۆر وشیارم

من ڕمبێ دەچەقێنم

خوێنتان دەپرژێنم

حەقی خۆم لێو دەستێنم

یان سەرو دەپەڕێنم

قسان نەکەی یەک بە یەک

یەخسیر نەبی تو ئەو جار

ناممێنێ حورمەت و چار

سەت جا ربەو نەبیە نازدار

لێم بدەن تانووت و هاوار

مەجبورم دەبمەوە کوففار

گرمەت بێ عالەم بزانێ

وەکو هەوری عاسمانێ

کەمەند پخە سەر شانێ

کەمەندباوێ سەر ملی

سەر بەبێ ئەجەل ناشتەوە بن گڵی

دیفاح لازمە ئەی یار

ئەی فرزەندی رێی دیار

بە وەت پێکدێ کار و بار

خۆت بسپێرە بە سەتتار

دوعای دایک بۆ عەولاد

خودا قەت نایدا بە باد

دەچیە چۆڵی و چۆل وڵات

پێغەمبەر بێ لە فریات

دەچیە هیچکەس نەناسە

کوڕێکیزورممتاسە

فریات بێ حەزرەتی عیسا

لە خۆت دەتا نووت و حونەر

گۆ لە مەیدان بەرە دەر

بە غیرەت و بە جەوهەر

هانام سالّح پێغەمبەر

دە بڕۆ لە سەرایە

بە هومێدیخودایە

بەردی سارد و گەرمت وەبەرپێی نایە

ئەوە هات، هەچ مەنزلیکیهات کافران جڵەوگیریان لێ دەکرد دەیگوت: دەچمە مەملەکەتی فوزەیلی و دوجەیلی. خاڵی نێوی شەنگ بوو. ئەوە هات، لە بەر خاڵی کافر لە هیچ جێگایەک جڵەوگیریان لێ نەکرد.

وەکوو شێر، خۆی نەکرد لات

پێی بڵێن خوارزات هات

من پیاوێکی بە فامم

شێری دەوری عەیامم

شەنگ ئەگەرزانی لە خۆێ دا حونەر و زات

بە ئیستیقبالییە وە هات.

بەگاو و گەردون بۆ کردن. ئەگەر نیشانەی خوشکی پێ یوو ئیحتیرامی گرت. جا بردی بۆ ماڵێ، مێهمانی بوو تا حەوت ڕوژ. جا کوتی: مەتڵەبت چییە؟ئەوەندەی بۆوم بکرێ، ئەگەرچی مەزهەبیشمان یەک نییە، بۆت پێک دێنم. کوتی: بەخووایشت یان

شەڕاڕەت لە مەملەکەتەکەت دەخەی. کوتی: ئەگەر شتێکی بە خوایش پێک بێ شەڕ و خوێن ڕێژی دەوێ؟ کوتی: لەمەملەکەتی ئێمە بێ دەغڵییە.

سێ سەت وشتر بە قەتار

بە بێ گفتوگۆ و پرسیار دەبێ هەمووم بۆ پکەی بار

لە گەڵ شێست هەزار دینار

لە دنیای پێێ بکەم رفتار

گوێت لە من بێ ئەی حونەرە

نەڵێی فەقیرە و دەست بە سەرە

حەقی دایکمت لەسەرە

لە جەنگێ ڕا نامێنم

شابازی چەنگ بە خوێنم

حەقی دایکم دەستێنم

کوتی چاوبازە وەک سەقرە

بەهانەم پێ مەگرە

حەقی دایکت وەرگرە

هەچی کوتی دایە، ڕوحمی پەڕیە سەری، دڵی محممەدی ئاسوودە کرد. دە شەوی بە میوانی ڕاگرت. بۆ خۆشی سەد وشتری دایە. ئەوانیشی بۆ بار کرد. قەزنەفەرێک بوو، یەگجار زۆر پاڵەوان بوو، لە نێو کافران دا کەسێکی دیکە نەبوو تای وی بێ، نێوبانگی مەملەکەتی گرتبوو، خەلکیمرریخێ بوو، ئاخر وە نەبێ ئەگەر پادشا بێ، تەواوی پادشا وەپیش خۆیان دەخست.

پادشایەک بوو، نێوی یاقوب شا بوو، کافربو. کچێکی بوو نێوی شەعرە بوو، ژنێکیشی بو نێوی گوڵەندامبوو.

قەزنەفەر ڕۆژێکی لە تەللاشی زۆرخانە دەهاتەوە، بە بەر سەراپەردە داهات.

شەعرە جوانێک بوو، لایەقێک بوو، دەبوو پچیە تەماشایەی.

ئەگەر هات چاوی پێ کەوت. لە سەر تەکی پەنجەرە شەعرە ڕاوەستا بوو، شێست و شەش تار زولفی عەمبەر ئاسای بەردابووە و پرێشان کردبوو.

چومکی نۆجوانە دەلێی شەهینە

گوڵ دڵی بولبول ڕفێنە

ئەو قەزنەفەرە ئەگەر چاوی پێ کەوت وەک بە گاز ڕەگی بەدەنی هەمووی دەربێنن بەو قەرارە بوو. جاکوتی:

قوربانی لەنجە و گوفت و ناوت بم

قوربانی هەنیەی نەشیواوت بم

قوربانی لیمۆی دەست لێنەدراوت بم

شەرت بێ خەریکی شەو ڕاوتبم

ئەوەهاتەوە.تیخ لە دەستی شەعرە بۆوە لە جەرگی قەرنەفەری حەرامزادە درا لە پشتی هاتە دەرێ. هێندەش ساحێب حونەر بوو شەرمی لە کەس نەدەکرد، پاش یازدە سەعات تیری شەعرە دڵی دێشاند، دڵی نە دەسەورا. هاتە مەجلیسی شا، شا کوتی: بۆ وا ناڕەحەت و شێواوی؟ کوتی: ئەمن دایمە لە زۆرخانەم، چەند کەللەی دوژمنم بڕیوە، چاووم بە کچی تۆ کەوتووە، ئەگەر نەمدەیەی یان تەختت لێ تێک دەدەم یان خۆم دەکوژم یان مەملەکەتت لێ دەشێوێنم. کوتی: مۆڵەت، بیست و چوار سەعات جوابت دەدەمەوە.

پادشا پرسی بە وەزیران کرد. چ جوابی قەزنەفەر بدەمەوە؟سبحەینی بە من دەڵێن کچی خۆی داوە بە کابرایەکی پاڵەوان!

پێکم بێنن نیاز

سی دەدەن بەسی، باز دەدەن بە باز.

ئەمن پادشام نامزەدی کچی من دەبێ پادشا بێ نەوەک نەمەکخۆر و پاڵەوانێک بێ. جاکوتیان:عیلاج پەزیری نییە، ئینتیهای مەراتیب تەگبیرێکت بۆ پکەین. ئەسەحابەی ڕۆژئاوایە دەلین پێغەمبەرێکیان بۆ پەیدا بووە، تەواوی دونیایان موستەخەر کرد. دەڵین ئاموزایەکی هەیە، نێوی عەلییە، غەیبەری تێکدا، چی کرد و چیکرد. ئەو شەڕە هەر دێتە سەر ئێمە. پێشەزین پەڵپ لە قەزنفەر بگرە بڵێ: پچو سەری عەلی و چل ئەسحابەم بۆ ببڕە. تەواوی بوتپەرەستی دنیایە ئەگەر ئەو ئیفتیخارە بکا تەمەللوق بە تۆ دەکەن. جا کورتی ببڕینەوە. سبەینێ بە قەزنەفەریان کوت، کوتیان: ئەگەر بچی سەری چل ئەسحابە و عەلی ئەبوتالیب بێنی ئیمەش شەعرەت دەدەینێ. جاکوتی:بەشەرتێک ئەمن دەچم ئەگەر شەعرە و گوڵەندامی دایکی دەگەڵمبن. دەبێ بە خیوەت و تەدارەک و بارەگا و بە هەموو شتێکەوە دە گەڵم بن.

ئەماکوتی: شاهم ناچم بەتەنێ

ڕەگەڵم خە قۆشەنێ

عەلی پێم نەکا پەنێ

جاکوتی: قەزنەفەرەی دولێرە

من دەڵێم تۆ گوێ بدێرە

پاڵەوانان بژمێرە

پالەوان بێنبیان بینم

گورزیان هەڵ بسەنگێنم

سووک بێ سینگیان هەڵ دێنم

جاڕچی چووبۆ سەر تالار

چریکاندی لە چوار کەنار

کەڕەی تەواو شێست هەزار لەشکر جمی و هاتە خوار

بەرەو شاقەتڵی نازدار

هەزاری کورسی نشین

هەزاری کەمبەر زێڕین

سەفیان بەستبوو چین بە چین

لە موسوڵمانان بە قین

ئێمە داوخوازین دەچین

.وەکوو کەوباڕی برسین

ئەوە ساز بوون، خەبەریان بە شەعرە دا، کوتیان: دەبێ دەگەڵ قەزنەفەر پچی، دوازدە هزار خێوەتی دوو بەڵگەی ئەتڵەس حازر کراوە. ئەتۆش دەبەن. شا لە دووی نارد، کوتی: بێ، شەرتم دەگەڵ قەزنەفەر کردووە دەتنێرم. ژن و کچ دەگەڵی دێن.

پۆلێک هاتبوون نەشمیلە

قامک پڕ لە ئەنگوستیلە

عاشق بە وان زەلیلە

زولفی عەمبەرئاسایی

هاویشتیان وەک فیدایی

هەمووی ڕۆستەم ئاسایی

پۆلێک هاتوون خانومان

وەک هەناری سەر دەستان

عاشق دەبێ بۆیان بێگیان

.کەمبەرەی لعلی ڕوممان

ئەوە ساز بوون.کورتی ببڕینەوە، تەدارەک و ئەسپابات بۆ شەعرە حازرکرا. شاقەتڵ کوتی: دەست لە دەستی یەکتری نێن.مەجبوور بوود، دە نا پێی خۆش نەبوو.ما

مەلەکە لە سەر کونجی لێوانت

لە سەر لێری مەمکانت

بۆ زنجیرەی زولفانت

گوارەی لەعلی روممانت

.ئەوە شەرت و قەراریان کرد. ئەگەر لەشکرەکەی سازبوو ،دایکی‌کوتی: دەگەڵ کچی خوم دەچم، نابێ خێوەتیان پێکەوە بێ

.پەنجا شەو بوو لەشکریان دەهات بۆ مەککە تێکدان

ئەو وەختی محەممەد حەنیفە وەرێ کەوت، بە ڕێیان‌کرد. ڕیگای حەوت سەعاتان دوەر بوو لە بارەگای قەزنفەر. ئەوەندە .دوور بوو. محەممەدیان بەڕێ کرد،چوار سەت وشتریان بۆ بار کردبو. بە حیسابی بەڕێیان کرد، ماڵە خاڵی

هاتن، وەک ڕێگای شەش حەوت سەعات. بوو بە شەو، حوکمی دایە لە هیچ کوێ جڵەوگیری نەکەن. بەهاریش بوو :وەختەکە.محەممەد بە موبەششیری کوت

محەممەد کوتی:موبەششیر

ئەتو بڕو مەبە گیر

ئەمما ئیشەڵڵای دەچوو لەبیر

بەو ئیشەڵڵایەی دەبو گیر

.خەوی دەهات نەختیک. ئەوان ڕۆیین

محەممەد شیرن لاوە لە ریگایەی لا داوە

لە قۆڵی کرد لغاوە

مەتاڵی لە بن سەر داناوە

خەوی هات پاڵی داوە

.سەحاتێک لە ئیستیراحەت دا ماوە

محەممەد سەری هەڵێناوە

نیوە شەو بوو تەواوە

محەممەد لاوی شێر دەستور

سەری هەڵێنا بەرە و ژوور

ئاورێک دابیسا لە دوور

محەممەد لاوی جڵەوکێش

جار لە پاش و جار لە پێش

لە ئاورێ دەچووە پێش

محەممەد شیرن لاوە

سەعاتێک ڕاوەستاوە

کۆپەک لێیان هەڵداوە

لەشکرێکی زۆر تەواوە

محەممەد مەحتەل ماوە

محەممەد زۆر بێ باکە

خێوەتێک لەوان تاقە

بە سواری هاتە نیزیکی خیوەتەکە، وڵاغەکەی ڕاگرت،کوتی: خۆ ئەمن ڕێگام هەڵە کردووە؟

هەڵبەت ئەجەل ئەمنی هێناوە

من ڕێگام لێ شێواوە

کافرن هەڵیان داوە

ئەگەر هاتە بن خیوەتەکە شەعرە قسەی بۆ دایکی دەگێراوە.

شەعرە دەگەڵ گوڵەندام

دەیکرد گوفتوگۆ و کەلام

دەیگوت: دایکی ب مجەوهەر

کارێکی گەورەم دیت بە سەر

خەون دەبێنی بە شەر

هاتە خەونم پێغەمبەر

ئەوەی لەشکری دەچنە سەر

ئەگەر پێم دەکەی متمانە

بەمنی گوت: ئەی جانانە

ئەتو دەتهێ میوانە

قەدری میوان بزانە

قەزنەفەر بێ ئیمانە

بۆ ئەو ببە موسوڵمانە

؟کوتی: دەبی ئەوە چ میللەتێکبن

کوتی: لەو خێوەتە دەسوڕێم، دەچمە خێوەتێکی دیکە

جیهانپەیما دەخوڕی

کیژ عاشق بوو دەرپەڕی

چاوی ئەنگوتە کوڕی

تیری ئاشقت جەرگمی بڕی

تیری ئاشقت بڕیمی جەرگە

لە جەرگت داووم زەرگە

وەپێش تۆم کەوێ مەرگە

بۆم هەڵداوی سەرا و پەردە

ئەی سواری چوڵییان

سەری منت بێ بە قوربان

لە من دەبی بە میوان

مەیکە گرمە و هەڵڵایە

لەشکر خەتەری تێدایە

ڕوحم بۆ تو جانفیدایە

وڵاغەکەی لێ وەرگرت

بە تەڕدەستی و دەست و برد

وڵاغی بۆ تاقەت کرد

محەممەدی بۆ خێوەتێ بەڕێ کرد

قۆڵی میوانی دەگرت لە خێوەتیی وە ژوەر دەخست

لێفە و دۆشەگی مەخمەر

ڕاخرا ئەو بەر و ئەو بەر

یاقووت و گەنج و گەوهەر

لە هەنیەی کەوتنە هەتەر

ساکین بێ کوڕی هەیدەر

نازانم سبەینی تا سەحەر

چ دەکا بینایە سەر

ئەوە هات بۆ بە خێرهاتن کردنی، شەعرە ئاشقی بووە، دەڵێ:

خەمت تۆ بدە بە باد

عەزیەتکێشی وەک فەرهاد

من خەونەکم وەدی دەهات

سنگمت بۆ پکەمە باغی شەدداد

ئەتۆ تێیدا پکە حوکمات

ئەرێ لاوی دوور وڵات

پێڵاوت سەر چاوم هات

بگرە هەنگوون و نەبات

هەچی مەقبوڵە لە لات

هەر چەندێکی دەتوانی

شەرمێ نەکەی میوانی

هەچی قسێکی دەزانی

بیکە بە حوکمڕانی

ئەی یاری جانیجانی

دوگمەی ترازاند تاق و جووت

گوڵ بە بای ڕەحمەت پشکووت

دەرکەوتن دوڕڕ و یاقووت

سنگم وەک باغی نمرود

چۆن نەشئەی کەڵەم بزووت

قیسمەتت هات بۆ ئێرە

کارت چیە و پێم بسپێرە

چاو وەک مانگ و ئەستێرە

هەنیەی گوڵی کەنێرە

ماندووی، ماندووت حەساوە

بگرە هەرمێ گوڵاوە

خەزێنە خولا بە تۆی داوە

مەنزوورتچییە؟ بلی، بینە

ئەو دوگمە بترازێنە

ها هاچەری خەزێنە

خەزێنەی شا بشکێنە

لاقت سەر چاوم هێنا

ئەی میوانی عەرەب سوار

بەخێر هاتی جار و بار

لە چەنگ ئەو گۆڵی مندار

خودا پێکت بێنێ کار و بار

گە بێتو بمکەی ڕزگار

ڕووحی من پکەی قوتار

خەزینە و گەنج بە خەڵوار

دوڕڕ و یاقووت و مەرجان

سەر ئەفراز هەتا شاشان

بانی زنجیرەی زولفان

لە گەل شەمامەی مەمکان

پاکی لە بەر دەستی دان

فەرموو سەرپشک بە میوان

زنجیرە و تۆق لە گەڵ گۆ

نارنج و سێو و لیمۆ

تیر ئەندازی چاو و برۆ

دەروونم پڕ لە بۆسۆ

لێیان سەرپشک بە میوان تو

زووتر پکە دەست و برد

ڕووحی خۆم تەسلیمت کرد

گاوری مەلعوونی دین کورت

نەوەک قاسید بنێرێ

ئەو بە ئێمە دەوێري

لشکرمان لێ دەژمێری

نەک کەللەمان هەڵدێرێ

دوێ شەو نوستبوم بە خەتەر

هاتە خەونم پیغەمبەر

لە دەستی نام یەک گەوهەر

میوان نەکەی دەست بە سەر

تۆ میوانت دێ دولبەر

هەزاری وەک قەزنەفەر

گۆڵی پیری بەد نەزەر

ئەو مەلعوونی عاقلکەر

دەیکەم بە قوربانی سەر

ساکن بێ کوڕی هەیدەر

ڕووح له گیانم چۆته دەر

بۆم بوویه ئاوی کەوسەر

زۆر ماندوو بوم لەو سەفور

چومکه دڵم دەسووتا

قەت شا نابێ به گەدا

به عومری سوبحان داناى بێ زەواڵ

ئەستێرەى سەحەر هاته دەر پەڕ و باڵ

معەزین فەرموی ئەڵڵاهوو ئەکبەر

به تۆفیقی هەق دەهەندەی داوەر

ئەوه دیباره ڕۆژه و زوڵاڵه

تاوس چەتریان کرد بولبول به ناڵه ئەوشۆ نەنوستبو ئەو ماه جەماڵه

ئەو شیرین ئەخلاق ئەو خوش ئەحواڵه

دەڵێی هەڵاڵەي شلک و کاڵه

سەر زەنیشت مەکه، ساحێب ئەحواڵه

تازه که عەمرى له چارده ساڵه

وەک تەیرى برسی گەلێک تیژباڵه

محەممەد ئاشقه، هیچ هۆشی نییه

هیچ ئاگای له عەمرى دنیایه نییه

نازانێ نه دۆست نه دوژمن چییه

ئەگەر دیتییان ئەسپێک لەوانه

مەردێک هاته دەر شێرى له لانه

خەبەریان برد بۆ شا ئەوانه

کابرایه شێته مەست و دێوانه

ئەرجو تو مەگرە شاهی کارخانه

نابەڵەد بووە ئەو هیچ نەزانە

ئەوشۆ میوان بووە لە حەرەمخانە

قەزنەفەر خۆ بەبێ شەعرە زیندەگانی نەبو، ئیدی ئەگەر وای زانی چاوی دەرپەڕی لە حەیفان!

پەردەی هەڵداوە و پەردەی دادڕی

وەکوو پیرە سەگی نەڕی و دەوەڕی

سەر شان و دەستی خۆی پاک پچڕی

وەکوو هەژدیها ناڵی ودەخوڕی

ئەوە زانیان قەزنفەر زانیویە، محممەدیان سەر حیساب کرد، شەعرە کوتی:

کوڕە نەترسی

ئەگەر رووحمان نەجاتی ببێ

هیچ مەپرسە لەو قەد شمشاڵە

دەردێکی وەهات کردوم حواڵە

ئەوشوکە ژیباوم وەدەزانم سەت ساڵە

ئەوە من دەچم پێش و نەقڵی شا

بە مێهرەبانی لێیدەکەم تکا

بەڵکوو بە یەخسیر وڵاغەکەت ببا

بۆ خۆت نەکووژێ و مۆڵەتت بدا

محەممەد پێی گوت: یاری شەنگ جەماڵ

مەگری مەبارێ بە دوو چاوی کاڵ

دوروونم مەکە بە تەڵخ وبێ حاڵ

ئێیستا دەبینی جەنگ وگاڵەگاڵ

ناکوتی دەغیلت سەت ئەل‌ئەمانە

زۆر پاڵەوانە، گورزی گرانە

نە گوستەهەمە، نە قارەمانە

مەردە وەک ڕۆستەمی زەمانە

شەعرە کوتی: لێی گەڕێ. محەممەد هاتەدەرێ، لە پیش وڵاغەکەی ڕاوەستا. شەعرە و گوڵئەندام هەرتکیان موسوڵمانببون، بە پیریوە هاتن

هاڕەی کرمەکان بەندی بەر بەنە

بە میهرەبانی و بە زەردەخەنە

بۆ وا عێجزی ئارامی دڵانە

بۆ چ قەوماوە لەو دەور و مەکانە

باز نانیشێ لە سەر ئەو زولفانە

لەوە دەپرسی فەقیر میوانە

من لە گەڵ تۆمە شاهی جیهانگیر

ڕێگای بزر کردووە هاتووە فەقیر

بێدەستەلات و منداڵ و ژیر

بە منی ببەخشە تۆ نەیکەی دەزگیر

کوتی: جا بۆ هاتۆتە کن نێرگسی خاو

مەگە نەیدیبوون خێوەتی هەڵدراو

حەوسەت خێوەتی بەرپا کراو

قەند و هەنگون، خوان حازر کراو

گوڵاو و نەبات لە گەڵ سەهۆڵاو

بۆ لە کوێ میوان دەبن مەرد هە تاکو پیاو؟

دەبێ کەڵەی سەری بیبەن مرخانە

ئەوە شێتە، شێت و دێوانە

پیاو میوان دەبێ لە حەرەمخانە؟

گەلێک دەباران شەعرە و گوڵئەندام

بە لەبزی شیرین زۆر بە خۆش کەلام

ئەوە توورە بوو هیچ جوابی نەدان

پچن بانگی کەن ئەو شێتی عەوام

چ کارمیە، با بێتە لام

شەعرە گەڕاوە بە دڵی پڕ خەمەوە، وەختە لە تاو محەممەد دڵی بتۆقێ.

ئەگەر گەراوە وەردۆکی باڵتەڕ

عەزیزم نەکەی جەنگ و جودا و شەر

نەم کەی ماڵ وێران دڵ بریندارم

بە زمانی خۆش پیک بێنە کارم

بۆ میوان ڕاگرتن من خەتابارم

ئەما مەحزی ڕەزای خولا مەدە ئازارم

عیلاجی ناکرێ گەبری بەیداغدار

لە دوای سوار دەبن ئەو هەزار هەزار

هەموی مەلعوونن، خوێن ڕێژن کوففار

بە زهەری هەلا خۆم دەکەم قوتار

با لەو دنیایە روح پکەم ڕزگار

بە دەست قەرنەفەر نەبم گرفتار

ئەوە محەممەد هات

لێی مۆڕ بۆوە بە توندی و بە تیژییە

عەسڵ و نەسەبت چییە

باب و باپیرت کێیە

ئەی سووارەکەی جوندییە

ئەمن ئەتۆم نەدییە

بۆ خۆت نەکرد معاریفییە؟

ئەی ئەبلەی هیچ نەزان

خوێنت دەرێژمە مەیدان

پێم بڵێ نام و نیشان

کوتی: لە گەڵ تۆمە جوانمێرە

من دەڵیم تۆ گوێ بدێرە

عەسڵم عەرەبی ژێرە

قیسمەت هێناومیە ئیرە

بە قیسمەتێم بسپێرە

شەعرە کوتی: فەقیرە، مەیکوژە و لیی گەڕێ.

کوتی، بڕۆ و مەبە گیر

بەجێ بێلە ئەسپ و شیر

لە گوڵئەندام دەکەم تەخسیر

دەڵێ: تۆ مەیکە ئێخسیر

مەیکوژە بەدبەخت و فەقیر

محەممەد کوتی: با من گەدا بم تۆ بلێی شام

قسەی وا مەکە لە لام

ئاخر بێ ئەسپ و شیر ناچمە ماڵ

دەبمە کۆینەی هەزار ساڵ

گەپم پی بدەن کوڕ و کاڵ

پێیکەنن ژن و منداڵ

لێم تەڵخ مەکە ئەحواڵ

بزورگ بە دوڕی لاڵ

بیکە بە خاتری چاو کاڵ

نەت شکێ بەخت و ئیقبال

بە سەر دوژمن دابی زاڵ

کوتی: ئەی شێتی هیچ نەزانە

چومکی هاتیە حەرەمخانە

برۆ دەتکەم بێ گیانە

:محەممەد رقی هەستا،کوتی

کافری دین نا موحکەم

لێت حەرام دەکەم حەڕەم

نات هێڵم بە زۆر و کەم

کەمەندت لە ملی دەخەم حەڕەمت بۆ خۆم دەبەم

کافری دین نا دییارە

تکا ناگری ئەو جارە

یەک محەممەد یەک بێ پیر

قسەیان نەبوو یەکتر گیر

لێک بڵند دەبوون بە شیر

کافر ئەگەر وای زانی

گورزی سێ سەت باتمانی

دای هێنا بۆ نێو شانی

خۆی ئەسپارد بە سوبحانی

عەزیەت نە گەیشتە گیانی

گورز تۆق و تۆق مەتال

دنیای لێ کرد ترش و تاڵ

لەو کافرەی دین بە تاڵ

بوو بە ناڵە و گاڵە گال

.ئەوە لێک ڕاسان، شەققەی شیران پەیدابو

تیخێکی بوو زارەنا

بەردی دەبڕی وەکو ئاو

دای‌هێنا کۆڵی گڵاو

مووی لێ نەدەبوو بڵاو

تیخێکی بوو زارەلوو

لە قەبرغەی کەس دا نەبوو

درەنگی لێ نەخستە زوو

دای‌هینا گۆڵی بەد خوو

بە ویش مراد حاسڵ نەبوو

هەڵی کیشا جەوهەردار

کەمەند لەشان هاتە خوار

دەندەم لە گۆڵی مندار

کەرگ و سەندەڵ و بزمار

بەخۆی و بە فیلی چووار

سەت جار بەو نەبیە نازدار

کەرەتێکە نای‌کەمە دوو جار

کە لەتی نەکەی مندار

لە خۆت نابەستم چ جار

دەتبەمە سەر وەستاکار

دەتکەم بە ناڵ و بزمار

بۆ سمی ئەسپی نازدار

دەنگی و گەرمەی مەیدانێ

لە ڕۆژی شیر کیشانێ

لە قڵپەی خوێن ڕژانێ

هەڵی کێشا بە یەک جار

چومکی قادری گرت بە یار

چاوی لێ بوو چاو بە خومار

دای لە مەلعونی مندار

ئەویش زۆری پێ برد چار

وەهای لەت کرد وەک خەیار

قوڕبە سەر بوون قەوم و کار

کافر جمین، هاتنە خوار

دەورییان لێ گرت وەک حەسار

تێی خستن گەڵا ڕێزان

وەک خەزەڵێ پاییزان

خوێن کەلاکی دەبزواند

لە گەڵارێزانیش چاتر

لە میسالی پووش و ئاگر

کافرن، مەزە چەوتن

وەک دار و بەرد دە کەوتن

زۆری کردن کەرت و پەرت

کەرت و پەرتی گاوری ڕەش

خوێن لە عەرزی هاتە جۆش

کافر پێی دەبن بێ هۆش

وەکو ئاخر زەمانە

قەرقەش و شێر لێکدانە

خوێن دەفرێ وەک جۆلانە

خودا شەوی هێنا سەر دەستانە

.ئەوە ئەگەر قەزنەفەر کوژرا بە جارێک سێسەت نەفەر بەگزادە هاتن بە دڵخۆشی دانەوەی کچی شا

کوتیان:نەڵێی قەزنەفەر کوژرا، ئێمە هەر نوکەری تۆین.

شەوێ محەممە دحنیفە بریندار‌بو، حاشارگەی وەگیر نەکەوت، زگی دڕی چوو دەنێو کەلاکی قەزنەفەرەوە. قەزنەفەریش فیلێک بوو بە قەت سێ کەسان زەلام‌بو.

شەعرە دڵی تاقەتی نەگرت، کوتی: دەبێ چی لێ هاتبێ؟ بە ئەندازەیەک ئاشق بوو مەگەر خودا بزانێ.

دایە عەزیەت بکێشە، نەختێک بگرێ

ڕەببی مەرگم وە پێشی گەڕێ

ڕووحم وەک تەیری تیژ باڵ

لە سەر سەری دەگەڕێ

بزانە ماوە یان کوژراوە

میوان لە شەڕێ

ئەمن بمرم ژیانم بۆ چییە

قەزنەفەر کوژراو

میوان دیار نییە

غەریبە، بزانە عیللەتی چییە

ئەگەر هات و دیتت ئەو چاو شەهێنە

کوژرا بوو یان مابوو خەبەرم بۆ بێنە

دەستی کرد بە گەڕانێ، تاریک ببو، محەممەد حنیفە چاوی پێ کەوت، بانگی کرد، کوتی:

تۆ دەزانی میوانت خراپی لێ قەوماوە

دەردی شەعرەیە بە منی کێشاوە

ئیحتیاجم بە تۆ من چۆڕئک ئاوە

کوتی: ئەوە ماوی عومرم

بۆ من بووی بە قەند و نەبات، ژیانی کچم

غەریبی دوور وڵات

مەردی پڕ حونەر، ساحێب زۆر و زات

بە چاوان! دەبێ من ڕانەمێنم

به حەوت جێگایان ئەستۆم بشکێنم

خزمەتت پکەم ئاوت بۆ بێنم

ئەوە گەڕاوە، کوتی: ڕۆڵە مزگێنیم دەیە لە کەلاکی قدزنەفەر دایە، ماوە ئەمما بریندارە، داوای ئاوی کردووە. بۆخۆی ئاوی بۆ هێنا و هات.

بەجێی هێشت خێڵان

ها گەرنت بۆ پکەمە حەوزی سمێڵان

دڵتکردمە گەرد و لور شێوازی کێڵان

بە قوربانت بم لاوی دەر بە دەر عەرەبی نامدار شێری پڕ حونەر

دوژمن لە مەیدان ئەوە چووە دەر

هانێ بگرە، عەمرت بەرە سەر

گەرنت بۆ پکەمە کوففارەی کەوسەر

سنگت بۆ ڕاگرم لەگەڵ بەرامبەر

فەرموو، بفەرموو ئارەزووت چییە

تۆ چ دەرمانتە و لە کنت قاتییە

بۆ حەکیم ناردن عیلاجم نییە

چونکی من لە کن ئەوانە ئاخر کچی شام

دەستور بە دەستم، من حوکم ڕەوام

ئەمما کافرن نەفام و عەوام

نا توانم بلێم ئاخر ئەمنیش وام

وەکوو دێوانان دڵ موفتەلام

بۆ وا ناڕەحەت بۆ وا شێواوی

بێنە هەڵمژم برینی خوێناوی

وا بزانە حەکیم دەوای بۆ هێناوی

بێنە ماچیان کەم دەم برینەکانیان

جێگای تیرئەنداز ئەو هێش و ژانیان

بەڵکوو بشکێن برووسکە و ئامانیان

کوتی حەیاتم ئاگات لێ نییە

قسەی تۆ بۆ من زیندەگانییە

برۆ بگەڕیوە قسەی لێ مەکە

هەتا بزانین گەردوون چدەکا

:محەممەد بانگی زریانی کرد، کوتی

بە هەوای شەوبا لە ڕۆژهەڵات وەرە

دەردم گرانە و برینم لە سەرە

لە خۆت بدە غیرەت لە گەڵ حونەرە

دڵ لێقەوماوە و زۆر دەر بە دەرە

ئو قاقەزەم بۆمەدینە بەرە

.بە خوێنی خۆی نووسیبووی

ئەمما مەسرەوێ بە هەوای شەوبا

هیچ ڕامەوەستێ و مۆلەتت نەدا

قاقەز بگەیەنە عەلی مورتەزا

ئەوڕۆکە زریان ئەتۆم لازمی

لەجێی پشتیوان سەت نیمنازمی

بۆم خەبەرداركە قوڕەیشی و هاشمی

زریان بە عومری پادشای ڕەحمان

وە گوفتووگۆ هات بە ناڵە و گریان

تاقەتم نییە لە گەرمێن وکوێستان

قاقەز پێم ناچێ ببەخشە نۆجوان

سێ ڕۆژە ئەمن هەر بێ وچانم

دەسەر ئەمن بووە مەعموری خانم

قاقەز پێم ناچێ بە خوڵای ناتوانم

شەماڵ تۆ وەرە جێگات قوبلەیە

تەکلیفی زریان زۆر بێ فایدەیە

ئەمن ئەو کارەم بە ئەتۆ هەیە

زۆر لێ قەوماو و زۆر دەردەدارم

نەخۆش و هیلاک زۆر بریندارم

دەور گیراوی دەستی کوففارم

لەڕێی ئەڵڵا دا پێکـبێنە کارم

پیرە شەماڵی ڕادا

ئەو حوجرەی نەبێ تێدا

قاقەز لە پەنجەرێدا

ئەو محەممەدی قوڕەیشییە

کوتی بە بیلالی حەبەشییە

شەماڵ بێحاجەت نییە

بیلال چوو دەگەراوە

شەماڵ قاقەزی هێناوە

سەر پاک بە خوێن نوسراوە

من سەرم مەحتەل ماوە

قاقەز خوێندرا سەرانسەر

تەڵەبیان کرد بوو تەتەر

قاقەز بەرە بۆ هەیدەر

هاواری کوڕی کەوتە بەر

خەبەریان بە ئیمامی عەلی دا. ئەگەر قاقەزەکەی خوێندەوە بردی بۆ ئەستی، پێیدەڵێ:

دەرونم پڕ بۆسۆیە

ئەوە لە من و لە تۆیە

من دەمگوت سەر بە خۆیە

سێ سەت کافری جگەردار

پادشا و گەدا و دۆست و یار

ئەو لێیان دەبڕی قەرار

لە دەست کەس ناکا فینار

ئەگەر خوڵا بگرێ بە یار

بە کەس نابێ بریندار

ئەمان پکەم هەتەرە

بەو تانووت و حونەرە

چبکەم ئاوری جگەرە

ئەوەهات عەبدولموعجین، جارچی بوو، ئەوە خەبەریدا:

ئەی ئەسحابەی خۆش کەلام

بە سەت عاقڵ و بەسەت فام

بگرن دەستوور و نیزام

حەڵەب هەتا میسر و شام

جەماوەری هەموومان

گیان و ڕووح و عەمر و گیان

ئێمە دەیکەین بە قوربان

ئەو بۆی پەیدا کردوین ئیمان

سەییدی ئاخری زەمان

کار کەوتۆتە لێقەومان

لە دڵم بۆتە برک و ژان

کوڕی شێرعەلی شێران

لە نێو کافری بێ ئیمان

بریندارە و خەستە گیان

کومەگ بین بە هەموومان

لەشکر بڕوا شانەوشان

هەموو ببین گیانفیدا

ئەمیر هەتا خولەفا

هەموو بە ڕووح و بە گیان

عەبووبەکر تا عوسمان

هەموو بە گیان و بە سەر

عەلی هەتاکوو عومبەر

فەردی تەواو ئەسحابان

ئەسحابەی شیرن و نۆجوان

پیر و لاو تا هەمووتان

دەچین بۆ خەزای کافران

یەخسیر نابێ لە ئەوان

گەر بگیرێ لە ئەسحابان

هەمووی دەستەو خەنجەرە

ئەو کارە زۆر خەتەرە

چونجێگای موعتەبەرە

عەلی ئاموزای پێغەمبەرە

بەعەدەب و بە ئەرکان

لەشکر گرتی ڕیز و سان

وەک فەرامەرزی گۆی زیندان

وەک تەیموور و قارەمان

دەست کرا بە سڵاوات لیدان

بە ئەڵڵا و سوبحان سوبحان

هاتن سەفی ئەسحابان

سەدای ئەڵڵا ئەڵڵایە

وێرانە ئەو دونیایە

ئاخری بێبەقایە

هێندێک درەنگ هێندێک زوون

ئیننا لیللاه و ئیننا ئیلەیهی ڕاجیعوون

ئەوە کافریش کوتیان: محەممەد نەڕۆیوە. خەبەریان دا، کافری ئەو دەور و پشتە پاکیان هاتن بەکومەگەوە.محەممەدیان نەدەدیتەوە.

هەوهەوی ئیمامیعوسمان

دەست بە قەددارەی دەبیان

بە کافری بەستن کوڵان

پڕیشکەی خوێن گەیشتە عاسمان

هەوهەوە عەبدوڵڵا هات

دەم بە زیکر وسڵاوات

کافری کردن بە باد

هەوهەوی عومبەری خەتتات

هەچ کەسێکی وەبەری هات

ئەڕواحی لێ دەکر دقات

هەوی سووارەی زورارە

ئەڵلات ببێ بە یارە

کێشای شیر وقەددارە

ئەو قەراری هەزارە

هەوی حەسن و حوسێن

شابازی چنگ بە خوێن

لە دەعوا ڕانامێنن

دوازدە سەفان دەشکێنن

حەقی برایان دەستێنن

هەوهەوی هاشمیانە

گیرا بەریکافرانە

لە هەمووی شیر کێشانە

کەللە چوون بۆ عاسمانە

گرمەگرمی یەکانە

گیراوە ئەو بەر ئەوبەر

ڕوحیان لە بەدەن چووە دەر

عەلی کە هات وەک چەپەر

وەکوو بازی خەم لە بەر

لە کەند و لە هەورازان

ئەسپی داژوێ وەک بازان

گەییە کافری بەدنەزەر

ڕوحیان لە سەر دەچووە دەر

نەما تانووت و حونەر

کەلاک کەوتە مەیدانێ

بارگین چاک نەبی ناتوانێ

بەسەر کەلاک باز دانێ

.ئەوە کافر شکان، شەعرەیان دییەوە بە پیربانەوە هات، حەوسەت کەس دەگەڵی بوون، موسوڵمان بوون، باقی هەڵاتن

:ئەگەر هاتە پیشێ، دەتگوت بیجادەی تەڕە ،لیێ پرسی: ئەتۆ چکارەی دایکەکەی کوتی

نەودیوە گەرنی دەلێی بلورە

تامخۆش و بۆنخوش ئاوری ڕێی دوورە

ئاخر لە سەر ئەو هەڵاییسا ئەو کێشە و فتورە

ئەوە حاڵاتی حالیکردن دایکی بەتەوری ئەسسەحی بۆ ئەسحابانی گێراوە. کوتیان: ماوە یان نا؟ کوتی: دە کەلاکی قەزنەفەر دایە.ئەسحابە هاتن لە دەورەی بە شادمانی و بە حیسابات محەممەدیان لە کەلاکی قەزنەفەر هێنا دەرێ. دوو یەختەرمەیان کرد بە جۆڵلانە، لە جۆڵلانەیان نا، محەممەدیان هیناوە. دایکی سێ ڕۆژ بوو لە تاوان ئەوی خواردن با نەیدەخوارد. زگی پێی دەسووتا هەم ڕقیشی هەستا بوو، بە پیریانەوە هات بە سێسەت ژنە ئەسحابەوە، کوتی:

محەممەدم پێ نیشان دەن بیدینم بە چاوی سەرە

چومکە عەولاد خۆشەویستە، دولبەرە

لەبەریان دەکرد جوببیەکی پیغەمبەرە

دووسەت سەرە پەیکانی لە برینی دەهاتەوە دەرە

برینی سارێژ دەبوون،برینێکی دەماوە لە تەپڵی سەرە

هیندێک دەیانگوت تیریئەبەدییە

هیندیک دەیانگوت خیر جێگای شییری قەزنەفەرە

دایکیکوتی: محەممەدم شیرنلاوە

زۆر ئارەزوو بووم ئەو سەفەرەش لە ماڵی خاڵی گەڕاوە

ڕوڵە ئاخر ئەمن ئەو مەمکانەم لە زاری تۆ ناوە

خۆ من وام نەدەویست، خەبەریان بۆ هێنام کوتیبان محەممەد کوژراوە

دڵخۆشێم پێت بوو، دەمگوت ئینشەڵلا نیژراوە

با لە نێو هاشمیان نەبباوە بە هاوار و بەند و قاوە

بلین مەحەممەدیحەنیفەیان بە برینداری هێیاوە

بریا نە لە من بوپایەی نە لە ڕەش بژانگە

بمدییایە بە سەری تۆیان بکردبا شەقین و گۆو مەحانجە

نەبادا بۆ بیست و چوار هەزار سواری فوزەیلییان لە شارەکەی مەککە و مەدینانت بخستبایە ئەو هاوار و بانگە

بریا نە لە من بوپایەی نە لە شێرعەلی شێری مەیدانێ بمدییایە سەری تۆ پکەوتبایە لە مەیدانێ

نەبادا لە شاری مەککە ومەدینە ژن بۆت پکەن لە سنگدانێ

بریا نە لە من بویایەی نە لە ڕەش برۆیە

بم دیبایە بە سەری تۆیان بکردباوە شەڤێن و گۆیە

جا توخڵا ئەو غیرەتە چییە ئەوە بۆ تویە

بۆ بیست و چوار هەزار سواری فوزەیلییان لە شارەکەی مەککە و مەدینانت هاویشتووە هاوار و بڕۆیە.

عەلی ئیجازەم بدا و بمێنم و نەمرم

ئەمن گرێو دەکەم خۆ لە سەر ڕاستەی ڕکێفێ ڕابگرم

بە بیست و چوار سەعات تەواوی مەملەکەتی فوزەیلی دەگرم

This corpus is publicly available for non-commercial use under the CC BY-NC-SA 4.0 license. © Copyright 2020 Kurdish-BLARK

This interface was created by Sina Ahmadi based on Jekyll-DB (Jekyll + ListJS + Bootstrap).